# نازانم لە خەو ببینینی ..

شیعری : پووشکین
عەبدوللا پەشێو
کردوویە بە کوردی



نازانم ، لە خەوبینینی کومرەشانەو
شپرزەیی سەوداسەرانەم دەبووری ؟
تۆ دلسۆزمی ،
بەلام تێناگەم ، بۆ هێندە
حەزدەکەی نیکەرانم کەی ؟
کە کۆمەلی کرنووشبەران
لە دەورت ئەلقە دەبەستن
بە ناسکیو میهرەبانیت
بۆچی گشتیان سەرخۆش دەکەی ؟
جارێ بە نیگای شیرینت ،
جارێ بە نیگای خەمگینت ،
بۆچی گشتیان
سەرگەرمی هیوای بۆش دەکەی ؟
کاتێ ئەوان دەورت دودەن :
تۆ نابینیت منی کۆیلەو سەرلێشێواو
چۆن خۆم دەخۆمەوە ، بێدەنگ ، لە پەنایێ ؟
کەچی تۆش ، ئەی هاوڕێی دلڕق ،
خۆت بەجارێ نەناس دەکەی —
نە وشەیێ . . نە نیگایێ !
کاتێ خۆشمت لێ ونده‌کەم —
نیگای چاوت هەسنەو بەشوێنما نایێ !
کە ژنێکی شۆخی ئاشنا
بە لاقرتی دەمدوێنێ —
تۆ بێبەرواى ،
سەرزەنشتت ساردو سرە ،
هەرچی ئەوینە نانوێنێ !
پێم نالێی کە هەمبەرەکەم
ئێمە پێکەوە دەبینێ
بۆ بە مۆنی ڕۆژباش دەکا ؟
ئەو چیی تۆیە ؟
بە چ هەقێ کومرەشانە ،
دەنگێ دەباو دەنگێ دێنێ ؟
دە پێم بلێ ،
کە تۆ دایکت لە مال نییە ،
بە تاقی تەنیا ، مەیلەو ڕووت ، نیوەشەوان ،
بۆ دەرگەی بۆ دەکەیتەوەو
لە خۆتی دەکەی بە میوان ؟
بەلێ ، دەزانم گیانی خۆم !
کە منو تۆین ، کەسی‌تر نا — دلداری تۆم :
میهرەبانیت ،
ڕامووسانت گڕی تیایە ،
وشەکانت .
وەك خۆت زولالن ، شیرینن ،
خەمی منت لە لا بایە .
دەستم دامێنت هاوڕێ گیان :
بەسیە خەفەت ، بەسیە گومان
بریا دەتزانی ئەوینت چیم لێدەکا ؟
بریا دەتزانی چۆن ژینم بڕە لە ژان .

★ ★ ★

ۆمبای هیدرۆژین